# پێشەکیی

ژن ئەو بـوونەوەرەی کە گـۆی زەوی لە داوێنــی ئەوەوە دروسـت بـوو بەڵام لە کۆمەڵگـاو بیـروو بـاوەڕو هـزروو ئـاینی ئـێمە بە ترسـناکترین شـت پێناسـە دەکرێـت تـا ئەو ڕادەی پێی دەڵێن داوێنی خۆی دووژمنیەتی، داوێنیش تەنیا یەک شتە و دەیان تەعبیروو نـاو پاسـەوانیان بۆ دانـاوە، لە ژێــــر نــــاوی شــــەرەفوو نــــامووس بە هەزاران ژن بە سەرپۆشەکەی سەری خۆی خنکێندرا، سەری تاشـرا،لوتـی بڕا،بە دەیان جۆری ناشرین و نەشیاو سزا درا، دیـاردەی تونـدوو تیـژی بە ژنـان مێژوویەکـی سـەدان سـاڵەی هەیە، هەموو گەلان قۆنـاغ بە قۆنـاغ تێیـان پەڕاندووە بە بـاوەڕی یەکســانی و بەرابەری نێــوان ژن و پیــاو گەیشــتوون کە هەردووکیــان وەک مــرۆڤ ســەیر بکرێــت تەنیــا لە نــاو گەلانی موسوڵمان و بەتایبەتیش گەلانـی ئێران و کورددا تـا ئێســتا نەگەیشــتوون بەو قەنــاعەتە، یــان ڕاســتتر بڵــێن نـایانهەوێـت ئەو بەرانـبەری و یەکسـانیە دەستەبەر ببێـت ، ئەویــش تەنیــا لەبەر ئەوەی کە زیــاتر زاڵ بــبن بەســەر تواناکانی ژناندا،کۆمەڵگایەک داب و نەریتوو خوڕافات کە بە ڕوخانی ژن و بەرژەوەندی پیاوان تێیدا کـاڵ نەبێتەوە ،

# نەزاکەت

عەبدوڵلا ژنەکەی مرد چوار منداڵی لە دوای بە جێ ما دوو کچ و دوو کوڕ،کچە گەورەکەی ناوی سەلمێ بوو تەمەنی بووبە هەژدە ساڵ وئاشق بوو بەکوڕێک بەناوی شاهۆ کاتێک چووە داواکردنی عەبدوڵلای باوکی سەلمێ ، ووتی من کچەکەم بە ژن بە ژن ئەدەم بە شوو ئەبێ تۆش یەکێک لەخوشکەکانی خۆت بدەیت بە من شاهۆ خوشکێکی باڵا بەرزەی سپی وناسکی چاو ڕەشی بوو کە تازە تەمەنی ئەبووە بیست ساڵ ناوی نەزاکەت بوو،نەزاکەتیان لەبری سەلمێ دا بە عەبدوڵلا کەتەمەنی چل وپێنچ ساڵ بوو،نەزاکەت بە دەیان ئاوات وئارەزوو حە زوو خۆزگەی لاویەتیەوەی بە زۆری و بە نا بە دڵی ژن بە ژنی پێکراو ڕەوانەی ماڵە مێردیان کردوو بووە خزمەتکاری منداڵ ومێردێک کە بیست پێنچ ساڵ لە خۆی گەورەتربوو هەموو ساڵێک منداڵێکی لەمێردە کەی ئەبووساڵ هاتوو چوو منداڵەکان بوون بە شەش دانە ،تەمەنی نەزاکەت بووە سی ساڵ سەرە ڕای هەموو ئازارەکانی ژیانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەزاکەت جوانوو جوانترو لە بەر چاوان ولەبەر دڵان ئەبوو، لەو

سەردەمانە کوورەی درباو بوو کە لە تەنەکە ساز ئەکراوداریان تێ ئەهاویشت بۆ گەرمکردنەوەی ناو ماڵ،لە وەرزی زستاندا دارتاش و ددان سازو تەنەکە ساز سەردانی گوندەکانیان ئەکردوو پێداویستی خەڵکی گوندیان دابین ئەکردوونانێکیان بۆخۆیان پەیدا ئەکرد، ئەوزستانە تەنەکە سازێک ڕوو ئەکاتە گوندەکەیان پیاوێکی تازە پێی گەیشتووی باڵابەرزەی زۆر جوان خاوەنی چوار منداڵ بوو،وەستا سابیر هەر ڕۆژێک کوورەی هەر ماڵێکی سازبکردایە ئەو ڕۆژە نان وخوانی لە ئەستۆی ئەو ماڵە ئەبوو،عەبدوڵلای مێردی نەزاکەت داوای لێ کرد کوورەی بۆ ساز بکات بە هۆی ئەوەشەوە نەزاکەت ئەوڕۆژە چەند جار چای بۆ وەستا سابیر بردوو بۆ نیوەڕۆش بووە میوانی ماڵی عەبدوڵلاونەزاکەت لەو دیداروو یەکتر بینینە دا وەستا سابیروو نەزاکەت ئاشق بە یەکتری ئەبن خۆشەویستی ودڵداری لە نێوانیاندا دەست پێ ئەکات تا ئەوکاتەی زستان کۆتایی پێ دێت و وەستا بە نیازە گوندەکە جێ بهێڵێت،جێ هێشتنی گوندەکە کارێکی ئاسان نابێت بەبێ دڵدارەکەی بۆیە داوا لە نەزاکەت ئەکات دەست لە ماڵ ومێردوو منداڵەکانی هەڵبگرێت ولەگەڵی

بڕوات و(هەڵی بگرێت )نەزاکەت لە تۆڵەی ئەو هەموو زوڵمەی لێی کراوە ژن بە ژنوو بە پیاوێکی پیر درابوو بڕیاری خۆی ئەدات و دەست لە ماڵ ومنداڵەکانی هەڵئەگرێتوو لەگەڵ وەستا سابیر ئەڕوات،نەزاکەت وون ئەبێت بێ سەروو شوێن لە هیچ شوێنێک سۆراغی نیە، کەسوکاری داوا لە عەبدوڵلای مێردی ئەکەن کە نەزاکەت تەڵاق بدات وبە مارەو تەڵاقی ئەوەوە نەبێت ئەو ڕۆیشتوەو بۆتە خێزانی پیاوێکی تر بەڵام عەبدوڵلا ئەوە قەبووڵ ناکات ودەست ئەکات بەگەڕان بەدوای نەزاکەتدا دوای ساڵ ونیوێک ئەیدۆزێتەوەولێی خۆش ئەبێت و ئەی گەڕێنێتەوە ماڵ بۆ لای منداڵەکانی و بۆ ئەوەی خەڵکی گوند قسەی پێ نەڵێن توشی تانەو تەشەری خەڵک نەبێت بە خەڵک ئەڵێت کە ژنەکەم لە ماڵێک بوەو کارەکەری کردووە،بەڵام خەڵک قەناعەت بەو شتانە ناکەن لە هەر دەرفەتێکدا ولە دەمەقاڵەیەکدا قسەی ڕەقی خۆیان ئەڵێن بە مێردوو براکانی لەسەر هەر شتێکی بچوک ڕوو بدات ئەوان قسەوتانەو تەشەری ناخۆش ئەڵێن ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی براکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ڕق ونەفرەت بچێتە دڵیان بەرامبەر بە نەزاکەتی خوشکیان

دایم لە ژێر چاودێریاندایەو بۆ دەرفەتێک ئەگەڕێن نەزاکەت لە شوێنێک بەتەنیایی گیر بهێنن وبیکوژن تاوای لێ دێت ئێوارەیەک براکەی لەسەر یاری هەڵماتێن لەگەڵ پیاوێکی دراوسێیان ئەبێتە شەڕیان پیاوەکە ئەیداتەوە بە ڕوویداو پێی ئەڵێت ئەگەر پیاو بوویتایە خوشکەکەت هەڵ نەئەگیراو لەگەڵ وەستا سابیر نەئەڕۆیشت ئەو قسەیە زۆر لەسەری کاریگەر ئەبێت و بڕیار ئەدات خوشکەکەی بکوژێت وتانەو تەشەروو قسەی خەڵک کۆتایی پێ بێت ،بە هۆی ئەوەی ماڵەکانیشیان بەرامبەر یەکتری ئەبێت ئەیخاتە ژێرچاوەدێری تا فرسەتێک بهێنێوو بیکوژێت، حەوت ساڵ تێپەڕببوولە هەڵگیرانەکەی نەزاکەت لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا سەدان جاربیری لەکوشتنی کردۆتەوە بە ڵام دواجاربڕیاری کۆتایی خۆی ئەدات، نەزاکەت بێ خەیاڵ لەوەی کە براکەی خۆی لێ حەشارداوە کە بیکوژێت لە ماڵ دێتە دەرەوەو براکەی دوای ئەکەوێت، لە بەرە بەیانێکی پاییزی مانگی ڕەمەزاندا خوێنی نەزاکەت ئەکات بە ئاوو ئەیکات بە ئاگری ڕق وکینەی چەند ساڵەی دڵیوو دای ئەمرکێنیت، دوای بارانێکی زۆر کاتێک عەرد تێر ئاو بووە گژو گیا

دووبـاره سـەر دەر دەهێنـەوە ئاسمان ڕەنگی خۆڵەمێشی گرتـووە گـاگەڵەکەی پێش خۆی ئەدات بۆنـاو دەشتوو نزارەکان لە ماڵ دێتەدەرەوە دواپین هەنگاوەکانی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت دواین هەناسـەکانی لە سینەیدا دێتەدەر دواین نیگـاهیەتی دنیـای ڕوون ببینێت لەگەڵ هەر هەنگاوێکی خۆزگەیەک تاسەیەک حەزێکی لاویەتی ژێر پێی ئەنێت و لە نـاو قوڕەکەدا ئەیانشێلێت ڕێگـای مەرگ بەدەمەوە ئەگرێت ئەڕوات تا ئەگاتە دەری گوندەکە ئەو لە کاتێکدا غەرقی خەیاڵەکانی خۆیەتی بیر لەئەشقی سابیروو بیرلەو هەموو غەدروزوڵمە ئەکاتەوە بەرامبەری کراوە کتوپڕ چاوی بە براکەی ئەکەوێت بە کلاشینکۆفێکەوە وەک ئیزرائیل لە بەردەمی ڕائەوەستێ، نەزاکەت ئەزانێت مەرامـی براکەی کوشتنی ئەوە هەوڵ ئەدات بگەڕێتەوە نـاودێ بەڵام براکەی ئەو برایەی کە نامرۆڤانە کردیە قوربانی لە پێنـاوی حەزووئـارەزوی خۆی ڕێگاکەی لـێ ئەگرێتوو ڕێگەی دەرچوونی نامێنێت ڕەنگی زەرد ئەبێت ئەژنۆی ئەشـکێت و ئەزانـێ دواین سـاتەکانی ژینیەتـی ئەکەوێتە سەر پەلەقـاژەو پاڕانەوە بۆژیـان وئەڵـێ کاکە مەکە توخـوامەکە ئەوەی من کـردم تۆمەیکە تکـایە کـاکە

# ئەختەر

باوكی ئەمرێت و دایكی ئەڕواتەوە ماڵی باوكی لە لای شاری بۆكان، سێ خوشك ئەبن ئەدرێن بە ماڵە مامی بەخێویان بكەن ئامۆژنی مردوەوئەویش سێ منداڵی لە دوا بە جێ ماوە كاتێك مامی ژن ئەهێنێتەوە ئامۆژنی ئەڵێ ئەبێت یەكێك لەو سێ خوشكە بدرێن بە ماڵی براكانم بۆ برازاكانم، ئەوانیش ئەڵێن ئێستا ئەم كچانە بچوكن وگەورە بوون یەكێكیان ئەدەین بەماڵی براكانت،ئەختەركە لەخوشكەكانی تری جوانتروو گەورەتر ئەبێت تەمەنی ئەبێتە سیانزە ساڵ ئامۆژنی زۆری بەدڵ ئەبێت لە ترسی ئەوەی خەڵك دەورەی نەداتوو نەیبەن بە بێ ئەوەی مامی وكەسووكاری ئاگادار بكاتەوە هەڵی ئەخەڵەتێنێت و بە ئەختەر ئەڵێت كە بڕۆ بۆ ماڵی براكانم وخۆت لەوێ شوو بكە، ماڵە براكانی ئامۆژنی لە گوندێك ئەبن لە ناوچەی بانە ئاگاداریان ئەكاتەوە و ڕۆژێكیان بۆ دیاری ئەكات كە بێن بیبەن،ئێوارەیەك ئامۆژن حەمام بە ئەختەر ئەكات ئامادەی ئەكاتوو تا دەری دێ ئەیبات لەوێشەوە كە سووكاری ئامۆژن ئامادە ئەبن ولێی وەرئەگرن، ئەختەر هەڵئەگرن وئەڕۆن بە پێیان تا ئەگەنە گوندێك لەوێ

ووچانێـک ئەحەسێنەوەو دواتـر بەرەو خـاکی عێـراق ئەڕۆن،ئامۆژن یەکێک لە براکانی چەند ساڵ پێشتر چۆتە کوردستانی باشوور لەوێ ژنـی هێناوەو ماوەتەوە بە هۆی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق کە سەدام حوکمی کـردوە نەیتوانیوە بێتەوە ڕۆژهەڵات هەر ئەوەشـی کەهاموو شۆ نەبـووەو کەس نەیـوێراوە ئەم دیوو ئەو دیوو بکـات لە ترسی حکومەت، ئەختەریش ئەنێرن بۆ باشوور کە کەس دەستی پێـی نەگـاتەوە،بەری بەیـانی بە وڵاخ و بەپێیـان ئەگەنە سنوری چۆمـانوو ڕەوانەی باشـوری کوردستان ئەکەن تـا ئەو کـاتە کەسـی نەبینیوەو نەناسیووە لەوێ کوڕێکی بۆ ئەهێننوو ئەڵێن ئەوە مێردی تۆیەو لێـی مـارە ئەکەن،ژیان و بەدبەختی ئەختەر دەست پێ ئەکات تا ئەو کـاتەی ئەختـەر ئەبێتە خـاوەنی سـێ منداڵ ومێردەکەی شێرپەنجە ئەگرێت و ئەمرێت، هەواڵ ئەنێرن بۆ کەسووکاری ئەختەر کە مێردەکەی مردووە وچـی لـێ بکەین،مامەکانی ئەختەر ئەڵێن کە ئەو کچـی ئێمە نیە وە کارمـان پێـی نیە بە ناچاری بە هۆی ئەوەی سـێ منداڵی ئەبێت مـاڵە خەزورانـی لە کـوڕێکی تریـانی مـارە ئەبڕن ئەوەندە بچوک ئەبێت ئەو کوڕە کە سێ ساڵ دوای ئەوە

ئەتوانێت خۆی بناسێ توو لەژیانی ژن ومێردایەتی تێ بگات، ئەختەر لەم مێردەشی ئەبێته خاوەنی حەوت منداڵ کە لەم دوو برایە ئەبێتە دایکی دە منداڵ تا ماوەی پەنجا ساڵ کەسووکاری هەواڵی ناپرسن پێیان وایە کە ئەختەر هەڵگیراوەو بۆتە هۆی سەرشۆڕی ئەوان، تا کاتی کۆڕەوەکەی باشوری کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩١ بوو نەیتوانیبوو بێتەوە ڕۆژهەڵات ئەوکات ئەختەر تەمەنی نزیک ئەبێتەوە لە ٦٥ ساڵ دێتەوە هەمان ئەو گوندەی کە یەکەم جار لەوێووە ڕەوانەیان کردبوو، وە زۆر حەز بەوە ئەکات جارێکی تر گوندەکەی خۆیان ببینێتەوە هەر بۆیەش داوائەکات بچێتەوەو سەردانی گوندەکەیان بکات وە کاتێک کە ئەڕواتەوە بۆ گوندەکەیان کەسووکاری ئاگادار ئەبنەوە کە ئەختەر هاتۆتەوە ئەوانیش ئەڵێن ئەگەر ئەمشەولەم گوندە بمێنیتەوە ئەوا ئەی کوژین بەناچاریوو دڵ شکاوی دوای دوو سەعات مانەوە گوندەکەیان جێی ئەهێڵێت و ئەوڕوات دوای مانگێک مانەوەی لە ڕۆژهەڵات ئەگەڕێتەوە شاری سلێمانی ودوای شەش مانگ دڵی لەلێدان ئەکەوێت و ئەمرێت لە حەسرەتی خاک وزێدی سەر ئەنێتەوە،ئامۆژنی تا دوا هەناسەکانی تا ئەو

## پەریزاد

کوێخا حەوت کچ وسێ کوڕی ئەبێت لە گوندێکی دووره دەستی ناوچەی سەردەشت ،کچێکی باریکەڵەی باڵابەرزەی چاو جوانەی ئەبێت ناوی پەریزاد، لەگەڵ کوڕێکی گوندەکەیان بە هۆی ئەوەی دراوسێ ئەبن هەموو ڕۆژێک یەکتر ئەبینن نیگای چاوەکانیان تێکەڵ بە یەکتر ئەبێت و ئاشق ئەبن،پەریزادو عەلی ئەبنە دڵداری گیانی بەگیانی یەکتری سەرەڕای ئەوەی ئەم دوو بنەماڵە بەردەوام شەڕوناکۆکیان هەیە لەسەر زەوی و زار بەڵام ناتوانێت ڕێگر بێت بۆئەو خۆشەویستیە،لە ماوەی دوو ساڵی خۆشەویستی چەندجار ئەچێن بۆ داوای پەریزاد بەڵام بە هۆی ئەو دوژمنایەتییەی کە بووە لە نێوان ئەم دوو بنەماڵەیە باوکوبراکانی پەریزاد ڕازی نابن بە هاوسەرگیریان بۆیە عەلی بڕیار ئەدات پەریزاد هەڵبەگرێتوو بڕوات دواجارعەلی پەریزاد هەڵئەگرێتوو ئەڕوات بۆ شاری سەردەشت، دوای ئەوە ڕق ودووژمنایەتی ئەم دوو بنە ماڵە زۆرتر ئەبێت تا ئەوەی دوای ماوەی نزیکەی ساڵێک کە کچەکەیان ڕۆیشتووە ڕۆژێک ئیسماعیل ی برای پەریزاد دایک وباوکی دەعوەت ئەکات بۆماڵی خۆی لەشاری بانە و ئەیهەوێت

کاتێـک کە خوشـکەکەی ئە کوژێت ئەوان تەنـانەت لەو ناوچەیەش نەبن،ئیسماعیل لەگەڵ ئامۆزایەکی ئەچێت بۆ مـاڵی پەریزاد کاتێـک ئەچێت خوشـکەکەی لەسـەر تەنوورلەگەڵ ژنێکی تر خەریکی نان کردنە خوشکە کەی کاتێـک چـاوی بە بـراکەی ئەکەوێت ئەژنۆی ئەشـکێت ئەزانێت بۆ کوشتنی ئەو هاتووە،براکەی دەمانچەکەی دەر ئەهێنێت خوشـکەکەی ئەپاڕێتەوە ئەڵـی کـاکە مەکە تکـایە مەکە ئەوەی مـن کـردم تـۆ مەیـکە مـن ئیسـتا منـداڵم لە سکدایە ومەکە بەڵام براکەی گوێی لە پاڕانەوەو قسەکانی خوشکی نابێت لەسەر تەنوورەکە سنگی خوشکەکەی پڕ ئەکات لەفیشەک وئەیکوژێت وبەجێی ئەهێڵێت وئەچێتەوە بـۆ مـاڵی خـۆی کەدایکوبـاوکی لەوێن کاتێـک دایکـی ئەوەئەبیستێ کە ئیسـماعیل کـچەکەی کوشـتووە، بە کـوڕەکەی ئەڵێت تۆ نەدەبـوو ئێستا ئەو کـارە لەگەڵ مـن بـکەیت کـاتێـک مـن لە مـاڵەکەی تـۆدا میـوان بـووم، ئیسـماعیل ی بـرای پەریـزاد ئەڵێت پەشیمان نـیم لەوەی خوشـکەکەمم کوشتووە ئەگەر ئیستاش زینـدوو ببێتەوە دووبـارە مـن ئەیکـوژمەوە، ئەوەی مـن ئـازار ئەدات ئەو قسەی دایکمە کە ووتـی نەدەبـوو ئیسـتا کە مـن لەمـاڵەکەی تۆدام کچەکەمت بکوشتایە.

# زارا

تەمەنی هەژدە ساڵوو تاقانەی حەوت برا بوو،عەلی کوڕی خاڵی زۆر هاموو شۆی ماڵیانی ئەکرد هەر ئەوەش وای کرد زارا وعەلی ئاشق بەیەکتری ببن حەزوو سۆزی گەنجیەتی وای کرد کە بچنە ئامێزی یەکتروو جووت بوون تا وای لێهات زارا لە ماڵی باوکی سکی پڕ ببوو لە کوڕە خاڵەکەی خۆی سکی زل بوو لێی دەرکەوتوو کاتێک براکانی زارا بەمکارەیان زانی زۆر توڕە بوون و زارایان ناردە ماڵی خاڵی ولە عەلیان مارە کرد دوژمنایەتی ورق وکینە لە نێوان ماڵەخاڵ وماڵەپووربە جۆرێک دروست بوو کەلە هیچ شتێکی یەکتری دەستیان نە پاراست یەکێک لەخوشکەکانی عەلی لە تۆڵەی زارادرابە برای زارا بەڵام برای زارابەوەش قەناعەتیان نەهێنا و پێیان وا بوو ئەو خیانەتەی بەرامبەریان کراوە زۆر لەوە گەورەترە ئەبێت ئەوان تۆڵەی گەورەتر بکەنەوە وەک ئەتکوو سووکایەتی بێت تا وای لێهات ڕۆژێک سێ برای زارا ئەچنە ناو باخی ماڵی خاڵیان دوو خوشکی عەلی کە تەمەنیان حەوت ساڵان و هەشت ساڵان ئەبێت بە ناوی سۆعداو سەعادەت ئەگرن و دەستدرێژی

ئەکەنە سەر کچە بچووکەکەیان  کە ناوی سۆعدا ئەبێت کچە گەورەکەشیان کە ناوی سەعادەت ئەبێت و لەبری زارا دراوە بە براکانی زارا،کاتێک ماڵی عەلی بەمە ئەزاننن زۆر بێتاقەت ئەبن و داوا ئەکەن سەعادەت تەڵاق بدەن وسۆعدایان پێ ئەدەن کە تووشی ئەو کارەساتەیان کردوە لە ژێر فشارێکی زۆردا سەعادەتیان لێ ئەستێنەوە سۆعداشیان پێ نادەن دوای تێ پەڕبوونی ماوەیەک لەم ڕووداوە ئەو برایەی زارا کە لە تۆڵەی زارا دەستدرێژی کردە سەر سۆعدا سەفەری کرد بۆ باشووری کوردستان ئەو کاتە بوو کە حکومەتی بەعس حوکمی ئەکرد ئەو کوڕە هەرگیز نەگەڕایەوە زێدی خۆیوو کەس نەیزانی چارەنووسی چی بە سەر هات ئایا بەعس گرتی کوشتی یان بنەماڵەی عەلی لە تۆڵەی سۆعدای کچیان بێ سەروو شوێنیان کرد سی ساڵ لەو ڕۆژە تێ ئەپەڕێت وکەس هەواڵی لێی نیە،سۆعداوسەعادەت مانەوە لە ماڵی باوکیان وکەس نەی ئەوێرا بچێتە داوایان سۆعدا لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کرابووە سەری کەس ئامادە نەبوو لەگەڵی هاوسەرگیری بکات ونەیان ئەویست سەعادەتیش ماڵی باوکی زارا بە هی خۆیان ئەزانی و کەس نەی ئەوێرا لە

ترسی شەڕوو دوژمنایەتی ئەو حەوت برایە بیخوازێ تا وای لێهات ماڵی ئامۆزایەکی سەعادەتیان خواست وبردیان، لەژێر هەڕەشەی شەڕوو کوشتندا ئەو ڕۆژەی سەعادەتیان گواستەوە بە زەبری کلاشینکۆفوو هێزبە بووکی بردیان ئیستاش خاوەنی حەوت منداڵە...سۆعدا درا بە کوڕێک لە گوندێکی دوورە دەست تا ئیستاش ڕوبەڕووی تانەو تەشەری مێردەکەیەتی کە هەر کات نێوانیان تێک ئەچێت پێی ئەڵیت تۆ کە هاتی بنت نەبووژیانێکی پڕ لە نەهامەتی بەڕێ ئەکات،زارا منداڵەکەی بوو کوڕ بوو ناویان نا ناکام هەر کە فامی کردەوە ئەوەیان دا بە گوێیدا وپێیان ووت تۆ زۆڵی لەگەڵ ئەم وشەیە گەورە بوو خوێندنی تەواو کردوو چووە زانکۆلەوێ خۆشەویستی لەگەڵ کچێک دروستکرد کاتێک چووە داوای کچەکە ماڵی باوکی کچەکە چوو بوون لەگوندەکە پرسیاریان لێ کرد بوو خەڵکی گوند وتبویان ئەو کوڕە زۆڵە بۆیە ماڵی باوکی کچەکە ڕێگر ببوون لەو هاوسەر گیریە بەڵام کچەکە بایەخی نەدا بەو ڕێگریانەو لەگەڵ ناکام هاوسەرگیری پێک هێناو ناکام بۆ هەمیشە زێدی خۆی جێ هێلا.

## سارا

تازە وا خەریکە باڵا ئەکاتوو پێ ئەگات کچێکی چاو ڕەشی خوێن شیرین لە ڕێگای هاوڕێیەکیەوە لەگەڵ ئارام یەکتر ئەناسنوو خۆشەویستی دروست ئەبێت لە نێوانیاندا،ئارام کوڕێکی بێدەنگوو هەژار بەڵام ئاشق ئەبێت بە ڕادەیەکی زۆر سارای خۆش ئەوێت،خۆشەویستیەکەیان درێژەی ئەبێت تا وای لێدێت بڕیاری هاوسەرگیری ئەدەن،ماڵی باوکی سارا دەوڵەمەندوو ئارامیش کوڕە هەژار ئەبێت،کاتێک ئەچێتە داوای سارا باوکی سارا بە هۆی دەستکوورتی ونەداری ئارامەوە ڕێگر ئەبێت لەم هاوسەرگیریە چەند جار داوای ئەکات وباوکی سارا ڕازی نابێت، تا ئەو کاتەی کە سارا داواکاریەکی تری بۆ دێت خزمی خۆیانەو وەکوو ماڵی باوکی سەرمایەدارن،باوکی ڕازی ئەبێت بەم هاوسەرگیریە سارا بە دڵێکی شکاوەوە ئەدات بە شوو لە سامانی مارە ئەکەن، بەر لەوەی لەگەڵ سامان زەماوەند بکات لەگەڵ ئارام تێکەڵاو ئەبێتەوە خۆشەویستی بەجۆرێک لە ناخیاندا گووراوە بە بێ یەکتری مەحاڵە ژیان وای لێ دێت ڕۆژێک بڕیار ئەدەن پێکەوە ڕابکەن

و ئارام سارا هەڵبگرێتوو بڕۆن بۆ شوێنێکی دوور دەست و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەن،کاتێک سارا ئەڕواو باوکی پێی ئەزانێت زۆر تووڕەو بێتاقەت ئەبێت وە باوکی ئەزانێت سارا لەگەڵ کێ هەڵگیراوەو ڕۆیشتووە بۆیە هەواڵ ئەنێرێت بۆ ماڵی ئارام و ئەڵێ سارام بۆ بهێنەوە با ئابڕوم نەچێت بە بێدەنگی لە ئارامی مارە ئەکەم بەو شێوەیە هەڵیان ئەخەڵەتێنێت ماڵی باوکی ئارامیش لەگەڵ سارا قسەئەکەنوو ئەڵێن ئەتبەینەوە و لەوێ مارەت ئەکەین سارا ئەڵێ ناچمەوە ئەزانم باوکم ئەمکوژێت ئەوانیش پێی ئەڵێن خەمت نەبێت قسەمان کردوە لەگەڵ باوکت نات کوژێت چەند ڕیش سپی ئاگادار ئەکەنەوەو شەو کچەکە ئەبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان، باوکی سارا کەسوو کاری خۆشی ئاگادار ئەکاتەوە سارا ئەبەنەوە ماڵی باوکی شەو قسە ئەکەنوو باوکی هەموو میوانەکان هەڵ ئەخەڵەتێنێوو ئەڵێ کارم پێی نیەوناى کووژم، سبەی لێی مارە ئەکەم،سامانیش لەوێ ئەبێت ئەڵێ من بەو جۆرەش هەر قەبوڵمە لەبەر حەیای باوکی من ئەیگوێزمەوەو لە لایەن منەوە ئیشکالی نیە،تا نیوەشەو دائەنیشن وقسە ئەکەن و داوا لە باوکی ئەکەن هیچی لێ نەکات باوکیشی دڵنیایی ئەدات بە هەموومیوانەکانوو ئەڵی هیچی لێ ناکەم و ئێوە

بڕۆن چەند شەوی تر وەرن مارەی بکەنوو بیبەن،کاتێک میوانەکان ئەڕۆن سارا لەگەڵیان بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوەو میوانەکان بەڕێ ئەکات،کاتێک میوانەکان ئەڕۆن لە چوونە ژوورەوەیان باوکی سەری ئەگرێتوو ئەیدا بە پلیکانەکاندا هەر لەوێ تووشی شەلەل دەماغ ئەبێت کاتێک باوکی ئەزانێت مێشکی پژاوە ئەیباتە ناو حەمامەکە لەوێ بیکوژێت دایکیشی هەر بەدیاریەوە وەستاوە و ناوێرێ هیچ بڵێت چونکە ئەزانێت ئەو مێردەی چەندە زاڵمەو ئەویش ئەکوژێت لە ناو حەمامەکە زۆر هەوڵ ئەدات  بیکوژێت ملی ئەشکێنێت بەڵام ڕۆحی هەر دەرناچێت دوای ئەوە دایکی دەنگ هەڵ بەبڕێت وئەڵێت تازە گەیشتۆتە ئاخروو ناهێڵم  ئەبێت منیش بکوژیت کات ئەبێتە چواری  بەری بەیانی سارا هێشتا زیندوەو ڕۆحی دەرنەچووە، لەوێش دایکی هەڵ ئەخەڵەتێنێت و ئەڵێت هەستە با بیبەین بۆ دکتۆر لەشەی نیووە گیانی لە ئامێز ئەگرێت باوکی جەلادی و ئەیخاتە دوای ماشینەوەو ئەڕۆن دایکی بە خەیاڵی ئەوەی ئەیبات بۆ دکتۆر بەڵام لە ڕێگا ئەگەنە بەنداوێک لە نزیکی ئەوەستێتوو لاشەی نیووە گیانی فڕی ئەداتە ناو ئاوەکەوەو جێی ئەهێڵێت و بە دایکیشی ئەڵێت ئەگەر تۆ دەنگ بکەیت تۆش ئەکووژم

کاتێک من ڕۆڵەی خۆمم کوشتووە تۆش ئەکوژم لام گرینگ نیە و ئەگەڕێنەوە ماڵەوە ، بۆ بەیانیەکەی ماسی گرێک ئەچێتە لای بەنداوەکە کاتێک ئەبینێت لاشەی کچێک لە گوێ ئاوەکە کەوتووەو مردووە لاشەی ڕەوانەی نەخۆشخانە ئەکرێتوو هەواڵەکەی بڵاوئەبێتەوە کە کچێکی تەمەن شانزە ساڵ لاشەی لە نەخۆشخانەیەو نەناسراوە دواتر باوکی ئەچێت ئەڵێ کچی منەو خۆم کوشتوومەو فڕێمداوەتە ناو ئەو بەنداوە، سارا بە مل شکان ومێشک پژانەکە نەمرد سارا تەنیا قووڵایی زەریا بە ڕۆحی گەورەی وێراوو خنکاندی.دوای ئەوەی باوکی ئیعترافی کرد بە کوشتنی سارا تەنیا شەش مانگ زیندانی کراو وەک هەموو بکوژە ژنەکانی تر ئازادکرا، بەڵام دوای پەشیمانی زۆر لەوەی کە کچەکەی خۆی کوشتووە و عەزابێکی ڕۆحی زۆرکە کێشای لەو کارەی کە کردوویەتی بەرامبەر بە کچەکەی ساڵێک دوای ئەوە دڵی لە لێدان کەوتوو مرد.

